ئاگاداری گومانی خراپ بن، چونکە گومانی خراپ درۆترین قسە ولێکدانەوەیە

لە ئەبی هوریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئاگاداری گومانی خراپ بن، چونکە گومانی خراپ درۆترین قسە ولێکدانەوەیە، بەدوای هەڵە وکەموکورتی یەکتر مەگەڕێن، وسیخوڕی بەسەر یەکەوە مەکەن، وحەسووی بەیەکتر مەبەن، وپشت لەیەکتر مەکەن، وڕقتان لەیەکتر نەبێتەوە، ئەی بەندەکانی الله ؛ ببن بە برای یەکتر».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی دەکات وهۆشداری دەدات لەهەندێك لەو شتانەی کە دەبنە هۆی ناکۆکی ودوژمنایەتی لەنێو مسوڵمانان، لەوانەش: (گومانی خراپ): ئەمیش تۆمەت کردنی کەسێکە لە دڵدا بەبێ هیچ بەڵگەیەك، وڕوونیکردەوە کە ئەمە درۆترین قسە ولێکدانەوەیە. (گەڕان بەدوای هەڵە وکەموکورتی خەڵکی) ؛ ئینجا بە چاو یان بە گوێ بێت. (سیخوڕی کردن): ئەمیش بریتیە لە گەڕان بەدوای ئەو شتانەی شاراوەن و بەئاسانی نادۆزرێنەوە، زۆرجار لەچوارچێوەیەکی خراپدا ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنرێت. (حەسوودی): ئەمیش بریتیە لە حەز نەکردن بەوەی خەڵکانێك خودا نیعمەتی پێیان بەخشیووە. (پشت لەیەکتر کردن): بریتیە لە دوورکەوتنەوەی مسوڵمانان لە یەکتر، وسەلام لە یەکتر ناکەن وهەورەها سەردانی یەکتر ناکەن. (ڕق لێبوونەوە): بریتیە لە کینە ودەربڕینی ڕق لە مسوڵمان بۆ ئازاردانی، وڕووگرژی وخراپ مامەڵە کردن لەگەڵیدا لەکاتی گەیشتن پێی. پاشان ڕستەیەکی گشتگیری فەرموو کە بەهۆیەوە حاڵ وپەیوەندی نێوان مسوڵمانان چاك دەبێت، فەرمووی: (ئەی بەندەکانی اللە ؛ ببن بە برای یەکتر)، برایەتی پەیوەندی نێوان مسوڵمانان چاك دەکات وپەککگرتوو دەبن، وخۆشەویستی وتەبایی لەنێوانیان زیاد دەکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5332